# خوێندن و زانست لە شیعری کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٨١٦- ١٩٧٠ز)

**م.ی. ئاسۆ عومەر مستەفا**
**زانکۆی چەرموو**
**کۆلێژی پەروەردە**
**بەشی کوردی**

## پێشەکی

خوێندن و زانست دوو بواری گرنگی پێشکەوتن و شارستانییەتن، شاعیرانی کورد گرنگییەکی زۆریان بەم دوو لایەنە داوە و ئاوڕیان لێ داوەتەوە و هەوڵیان داوە خەڵك هۆشیار بکەنەوە و هانی خەڵکیان داوە بۆ ئەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بچنە بەر خوێندن و گرنگی بە زانست و زانیاری بدەن. شاعیرانی کورد چەندین شیعریان بۆ ئەم دوو لایەنە تەرخان کردووە لەبەرئەوەی بڕوایان وابووە تەنها لە ڕێگەی خوێندن و زانستەوە دەتوانن خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و میللەتی کوردیش بەرەو پێش ببەن. ئەوەی هانی ئێمەی داوە بۆ ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدەین ئەوەیە شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیاندا گرنگیان بەم بوارانە داوە و بەرهەمەکەشی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بووە بۆ خوێندن و فێرکردن و زانست و زانیاری.

سنوردارکردنی لێکۆڵینەوەکەمان بە وەرگرتنی تەنها شیعری شاعیرانی کرمانجی خواروو و ماوەی نێوان ساڵانی (١٨١٦- ١٩٧٠ز) بۆ ئەوەیە لێکۆڵینەوەکەمان زانستی تر و بەپێزتر بێت و لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەشماندا ڕێبازی وەسفیمان بەکارهێناوە.

لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم (خوێندن لە شیعری کوردیدا) بەشێوەیەکی زانستی ئەو شیعرانە شیدەکاتەوە کە باسی خوێندن و هاندان بۆ خوێندن و خوێندەواری و چوونە قوتابخانە. بەشی دووەمیش (زانست لە شیعری کوردیدا) ئەو دەقە شیعریانە دەخاتەڕوو کە باسیان لە زانست و زانیاری و گرنگی زانست و هاندان بۆ فێربوونی زانست کردووە.

لەکۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی یەکەم/ خوێندن لە شیعری کوردیدا

خوێندن خوێندەواری بوارێگی گرنگی پێشکەوتن و شارستانییەتە و بنەمای بەرەو پێشچوونی گەل و ڕزگاربوونیەتی لە دواکەوتوویی و چەقبەستوویی و کرانەوەی بیر و هزری خەڵك و هۆشیاربوونەوەی خەڵکە، قوتابخانە مەڵبەندی فێرکردن و خوێندن و خوێندەوارییە و مرۆڤ لە ڕێگای قوتابخانەوە فێری خوێندن و زانست و زانیاری دەبێت. ((بابەتی خوێندن یەکێك بووە لەو بابەتە گرنگانەی شیعری کوردی کە شاعیران درکیان بەوە کردووە کە هەر کۆمەڵ و میللەتێك نەخوێندەواری و جەهل و نەزانین باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشا، ئیتر ئەوسا تواندنەوەی ئەو گەلە و ژێر دەستە کردنیان دەبێتە کارێکی ئاسان و پرۆسەی داگیرکردنمان تووشی هیچ کێشە و گرفت و تەگەرەیەك نایەت))[١]

شاعیران کە ئەوکات دیارترین چینی ڕۆشنبیری گەل بوون بەوپەڕی توانای خۆیانەوە هەوڵی ئەوە بدەن قوتابخانە لەسەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بکرێتەوە و هانی لاوان و گەنجان و کچان و کوڕان بدەن بۆ ئەوەی بچنە بەر خوێندن، هەروەها هانی باوکانیان داوە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، چونکە تەنها بە خوێندن و خوێندەواری گەل لە دواکەوتوویی و هەژاری و ژێردەستەیی ڕزگار دەبێت و وڵاتمان دەچێتە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە.

**حاجی قادری کۆیی** (١٨١٦-١٨٩٧ز) شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیرە، بووە بەپێشەنگی شاعیرانی کورد کە شیعرەکانی بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی گەلەکەی و چاندنی بیری نەتەوەپەروەری تیایاندا و ڕێنموویی کردنیان بەرەو خوێندن و خوێندەواری و دوور کەوتنەوە لە نەزانی و نەفامی و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر و بیرە دواکەوتووەکان تەرخانکردووە. شاعیر هەر زوو لەوە تێگەیشتووە کە قوتابخانە و خوێندن سەرچاوەی ڕزگاربوونی میللەتە لە دواکەوتوویی و ژێردەستەیی و ئەوەی وایکردووە تا ئێستا میللەتی کورد هەر ژێر دەستە و دواکەوتووبێ نەبوونی خوێندن و نەبوونی بەرهەمی نووسراوە، بۆیە دەڵێ:

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت

بێ بەهرەنە لە خوێندن و کیتابەت[٢]

شاعیر هەر لەم شیعرەدا ئاماژەی بۆ یەکێك لەبەرهەمە گرنگەکانی خوێندن کردووە، کە "وەرگێڕان"ە، حاجی ئەوەی زانیوە یەکێگ لە بنەماکانی پێشکەوتنی گەلان وەرگێڕانی بەرهەمی نەتەوەکانی ترە بۆ سەر زمانی دایك، هەربۆیە بەناڕاستەوخۆ داوادەکات ڕۆڵەکانی کورد بەرهەمی گەلانی تر وەربگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی و دەڵێ:

بێگانە بە تەرجەمەی زوبانی

ئەسراری کتێبی خەڵقی زانی[٣]

---

١ - تاهیر محەمەد عەلی، ڕوانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١، ل ٨٩

٢ - هێرش بێتووشی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چ١، ناوەندی چاپ و بلاوکردنەوەی سەمیمی، سەردەشت، ٢٠٠٧، ل١٨١

٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها گلیەیی ئەوە لە خوێندەوارانی گەلەکەی دەکات کە لە زمانی بێگانەدا شارەزاییان هەیە، کەچی نازانن دوو وشەی کوردی بخوێننەوە، کەئەمەش مایەی دڵتەنگی شاعیرە و داوایان لێدەکات کە فێری زمانی کوردی ببن و پاشان بەرهەمەکانی بێگانە وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، بۆیە دەڵێ:

یەکسەر عولەما دروشت و وردی

ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی

ئوستادی خەتن لەم سییانە

وەك دی لە زوبانی خۆی نەزانە[٤]

**پیرەمێرد** (١٨٦٧-١٩٥٠) شاعیری داهێنەر و گەورەی کورد (سیروانی ئەدەب) نیشتمان پەروەری خوێندن و خوێندەواری بەیەکەوە بەستووەتەوە و خزمەتکردنی نیشتمان و ڕزگارکردنی لە ژێردەستەیی بێگانە بەستووەتەوە بە خوێندن و زانستەوە، چونکە خوێندن دەبێتە مایەی خۆشبەختی و ڕووناککردنەوەی داهاتووی میللەت، شاعیر لە شیعری (ئەمڕۆ)دا دەڵێ:

ئەم نیشتمانە دایکە، ئەبێ خزمەتی بکەین

ڕزگاری کەین لەژێر دەستی زۆردار بە ماڵ بە سەر

ڕزگارییەکەی بە خوێندن و عیلم و مەعاریفە

خوێندن چرای سەعادەتە، نورێکە ڕاهبەر[٥]

پیرەمێرد لە شیعری (نەشیدی زانستی بۆ نەورۆز)یشدا دەیەوێت هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لای لاوان بەرزبکاتەوە، لەسەر زاری نیشتمانی دایکەوە داوایان لێدەکات گرنگی بە خوێندن و زانست بدەن، چونکە تاکە ڕێگای ڕزگاری ئەم نیشتمانە داگیرکراوە خوێندن و گرنگیدان بە زانست و زانیارییە و دەڵێ:

وا دایکی وەتەن هات و دەفەرمووێ:

من نەغمەی ڕۆڵەی زانستیم ئەوێ

چونکە زانستی جێگای هیوایە

میللەت بە زانست لە برەودایە[٦]

پیرەمێرد شاعیرێکی ڕوناکبیر و ڕۆشنبیرە و لەو شاعیرانە ڕۆڵی زۆری بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان و هاندانیان بۆ خۆڕۆشنبیرکردن و خوێندن و چوونە قوتابخانە، چونکە ئافرەتانی هۆشیار دەتوانن نەوەیەکی هۆشیار دروست بکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوونی میللەت و ڕزگارکردنی لە ژێردەستەیی و ئازادبوونی و لەم بارەیەوە دەڵێ:

ئێمە تازە تێگەیشتووین، کە دایکێکی خوێندەوار

نەوەی وا دێنێتە کار، میللەتێك ئەکا ڕزگار

---

٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١

٥ - فائق هۆشیار و هاوڕێکانی: دیوانی پیرەمێرد، ب ١، چاپخانەی زەمان، بەغداد، ١٩٩٠، ل ٢١٥

٦ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆیە ژن پێش ماڵ خراوە، ژن نەبێ ماڵیش نییە
بەڵام کە نەی خوێندبێ، ڕێگا نازانێ چییە[٧]

پیرەمێرد لە شیعری (ئەی کچینە)شدا هانی کچان دەدات بۆ ئەوەی بچنە بەر خوێندن و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئافرەتانی خوێندەوار دەبنە هۆی پێشکەوتن و هۆشیاربوونەوەی خەڵك و هەر ئەوانیش ڕزگارکەری میللەتن و بڕوایشی وایە هۆی دواکەوتوویی و ژێردەستەیی میللەتانی ڕۆژهەڵات بەهۆی ئەوەوەیە کە ئافرەتان نەخوێندەوارن و بەچوونە بەر خوێندنی ئافرەتان ئەم میللەتانە بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی لە دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت و دەڵێ:

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب، ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغ و تەرەقین، ڕەونەقی دەستەی گوڵن
ئێمە تازە تێگەیشتووین، دایکی چاکی خوێندەوار
نەسلی وا دێنێتە مەیدان، قەومەکەی پێ بێتەکار
هەر کچانی خوێندەوارە میللەتی پێ سەرکەوێ
تەربییەی مناڵ هیوایە، پێشڕەویمان بەرکەوێ
ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژی هەڵدێ، خوێندنی کچ هاتە ناو
جەهلە تاریکە شەوی کورد، خوێندنیش تیشکی هەتاو[٨]

مارف خەزنەدار دەربارەی ئەم شیعرە دەڵێ:(( پیرەمێرد هانی کچان دەدا بۆ خوێندن، بابەتەکە وەك بەرگریکردن لە مافی ژنان، ناوەرۆکێکی تازەیە لە شیعری کوردیدا، بەڵام پیرەمێرد لە قالبی کۆنی عەرووزی دایڕشتووە لەسەر بەحری ڕەمەلی هەشتی مەحزووف و قافیەی مەسنەوی. ئەم جۆرە شیعرە لە مۆدێلە تازەکانی شیعری نوێی کوردی بوو لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا))[٩] پیرەمێرد تەنها بەهاندانی لاوان و کچانەوە نەوەستاوە، بەڵکو هانی ئەوانەشی داوە کە بەتەمەنن و داویان لێدەکات بچنە بەر خوێندن لە قوتابخانەکانی شەوانە و خۆیان فێری خوێنەواری بکەن و خۆیان بە زانست پاراو بکەن بۆ ئەوەی وڵات لە شەوەزەنگی تاریکی و نەزانی ڕزگاری بێت و لە شیعری (بارانی نیسان)دا دەڵێ:

بارانی نیسان بوو بەمرواری    بەڕەحمەت بەسەر ئێمەدا باری
(زانستی) بەینێ برەوی کەم بوو    وەك گەوهەر لەناو صەدەفا ون بوو
زانستی و زانست یاخوا بمێنن    بەڵکو بێ کەسان بەشەو بخوێنن
خوێندنی شەوە ڕۆژ ئەکاتەوە    پەردەی تاریکی لا ئەباتەوە[١٠]

٧ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢

٨ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣

٩ - د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، چ ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٤٧

١٠ - فائق هۆشیار و هاوڕێکانی: دیوانی پیرەمێرد، ب ١، ل ٨٦


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**حەمدی** (١٨٧٥-١٩٣٨ز) یەکێکە لەو شاعیرانەی هەوڵی داوە شیعر بکاتە مینبەری ڕووبەڕوو بوونەوەی نەزانی تاریکی و هانی خەڵك دەدات بۆ ئەوەی بچنە بەر خوێندن، چونکە بڕوای وایە قوتابخانە چاوانی میللەتن و هەرمیللەتێکیش قوتابخانەی نەبێ ئەوا چاوەکانی نابینان، هەروەها خوێندن و خوێندەواری بە خۆر دەچوێنێ و لای شاعیر مرۆڤی خوێندەوار وەکو خۆر ڕووناکی بەخشە و مامۆستاش سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕووناکییە و دەڵێ:

مەکتەبە چاوی وەتەن، بیلبیلەی تیفلی میللەتە

گەر نەبێ مەکتەب وەتەن کوێرێکی ساحیب زیللەتە

خەڵقی تازە پێگەیشتووی میللەتی ئەم مەکتەبە

هەروەکو باغە موعەلیم باغەوانی سنعەتە

بورجی ڕۆژی ئاسمانی دەوڵەتە مەکتەب ئەگەر

ئارەزووتانە وەکو ڕۆژ شوعلەوەربن فرسەتە[11]

هەروەها خوێندن و خوێندەواری لای شاعیر گرنگییەکی زۆریان هەیە قوتابخانە بە گەنجینەی پڕ لە مرواری و گەوهەری زانست و زانیاری دادەنێ و بڕوای وایە کە هەر خوێندنە وا دەکات دڕندە و وەحشییەکان ببێنە ڕیزی مرۆڤ و هەروەها ئەو گەلەی نەخوێنەوار بێ هەمیشە لەژێر باری نەهامەتی و ناڕەحەتیدایە و دەڵێ:

تەربییەو تەعلیم ئەباتە ڕیزی ئینسان وەحشیان

بێ عیلم ئینسان لەژێر بارا خەریکی میحنەتە

ماڵی مەکتەب ڕەبی ئاوابێ خەزێنەی جەوهەرە

تا هەڵی کۆڵی هەر ئەشیاو کیمیاو و حیکمەتە[12]

شاعیر بە خۆشحاڵییەوە باسی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکات بە بەوپەڕی خۆشحاڵی و بە دلگەرمییەوە بەرەو پیری قوتابخانە دەچن و هەوڵی فێربوون و خوێندن و خوێندەواری دەدەن، کە ئەمەش مایەی شانازییە و قوتابخانە بەشوێنێکی پیرۆز دادەنێ و بڕوای وایە ئەوانەی قوتابخانە بەپیرۆز نازانن خەڵکانێکی نەزانن و نەفامن و مایەی نەهامەتی گەلی کوردن دەڵێ:

میللەتی کورد وا بەشیددەت ئینتیزاریمان ئەکەن

تێبەین و پێ بگەین زەحمەت نەتیجەی ڕەحمەتە

ئیفتیخار ئەووەل چرۆی ئەم باغەیە ئەوەل بەری

هەردەمێ تامێ ئەدا هەر جێ بەجێ پڕ نیعمەتە

هەرکەسێ مەکتەب بە ئەرزێکی موقەددەس دادەنێ

دیارە (حەمدی) ئەو کەسەش مەحکومی جەهل و نیگبەتە[13]

---

١١ - عەبدوڵڵا خدر مەولود، دیوانی حەمدی، چ٥، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٧٦

١٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**زێوەر** (١٨٧٥-١٩٤٨ز) شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیرە، تێکۆشەرێکی ڕێگەی خوێندن و خوێندەوارییە، شیعری کردووەتە مینبەری هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەی، گرنگییەکی زۆری بە خوێندن داوە و هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی بخوێنن، بڕوای وایە خوێندن دەرمانی دەردی دواکەوتوویی میللەت و ڕزگاربوونیەتی لە ژێردەستەیی. ((زێوەری شاعیر زۆر زیرەك و لێهاتووانە توانیویەتی دەست لەسەر برینەکان دابنێت و دەستنیشانی هۆکاری دواکەوتنی میللەتەکە خۆی بکات، ئەویش نەزانین و نەخوێندەوارییە، ئەو میللەتانەی پێشکەوتوو جیاوازییان چییە لەگەڵ ئێمە! تەنها ئەوەیە ئەوان خوێندەوارن و ئێمەش نەخوێندەوار))[١٤] لە شیعرێکیدا دەڵێ:

مەکتەب شورەی قەڵامانە بۆ حیفزی دین و دنیا

ئینسان کە نەخوێندەواربێ کەم قەدر و بێ جەوهەرە

کوردستانمان بۆ بێبەش بێ لە ئەنواری مەعریفەت

ئاو و هەوای بەهەشتە، دارو بەردی گەوهەرە[١٥]

هەروەها شاعیر بابەتە زانستییەکانی خوێندنی قوتابخانەی بە شیعر داڕشتووەتەوە بۆ ئەوەی خوێنداران بە جوانی لێی تێبگەن و بە ئاسانی لەبەری بکەن، وەکو شیعرەکانی: ((خواناسین، باوك، دایك، گۆرانی فەلاح، گۆرانی دیدەوانی"کەشافە"، سەعات، تۆپی پێ، دووڕوویی، تەماعکار، پشیلەی ڕیاکار، ژمارە، ناوی ڕۆژەکان، بۆ کچان، گۆرانی بەیداغ، هەنگ، ورچی خەتیب و مەیمون، کۆتر و ڕاوکەر، خودا، تاووس))[١٦]

**موفتی پێنجوێنی** (١٨٨١-١٩٥٢ز) یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر گرنگی بە قوتابخانە داوە و قوتابخانەی بە مەڵەندی زانست و زانیاری و هۆشیاری داناوە و هانی هاوزمانانی خۆی داوە بۆ چوونە قوتابخانە و خوێندن، شاعیر بەشێك لە شیعرەکانی ((بۆ هاندانی خەڵکی بۆ خوێندەواری و ڕزگاربوون لە خەرافات و داهێنانی پڕوپووچی بەناوی ئایینەوە هەوڵ دەدات، هەروەها بۆ بڕواهێنان بە جیهانی نوێ و هەوڵدان بۆ پێشکەوتن و ئامۆژگاریی جۆربەجۆر خۆی تەرخان دەکات))[١٧] و دەڵێ:

من ئەزانم سێبەری مەکتەب ئەساسی ژینمە

حورمەتی خاکی وەتەن ڕوکن و حەساری دینمە

تازە خەلفێکم لە باغی مەکتەبا ئەشنێمەوە

باغەوانی من موعەللیم عیلم و فەن پەرژینمە[١٨]

---

١٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦

١٤ - نەوزاد کەڵهوڕ، زێوەر ڕێبەری قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٦٩

١٥ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦

١٦ - د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، ل ٢٦٤

١٧ - ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، دیوانی موفتی پێنجوێنی،چ٢، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٢٠

١٨ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شاعیر ((لە وەسفی قوتابخانە و مامۆستای ڕێبەری قوتابیان ، وێنەی وردی هونەری دروست کردووە، ئەگەر قوتابخانە باغ بێ مامۆستا باغەوانە، قوتابی نەمامە، زانست و هونەر پەرژینی باغەکەن))[١٩] موفتی بەتوندی دژی ئەوانە دەوەستێتەوە کە دژ بە بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و زانست و زانیارین و خۆی بە پارێزەری قوتابخانە دادەنێت و ئامادەیە لەو پێناوەدا سەری دابنێت و خۆی فیدابکات و گیانی خۆی ببەخشێ، هەروەها باسی ئەوروپا دەکات کە بەهۆی خوێندنەوە پێشکەوتوون و وڵاتانی خۆیانیان کردووە بەهەشت، شاعیر دەڵێ:

لەڕێی مەکتەب سەرم دانێم ڕەوایە
لەبۆ دەردی دڵم خاکی شیفایە
ئەگەر چی چەند کەسێك لێی نارەزایە
لەلای من کۆشکی پڕ شەوق و چرایە
لەسایەی مەکتەب و تەحسیلی سنعەت
وڵاتی ئەوروپا خۆی کرد بە جەننەت[٢٠]

موفتی هانی کچانی داوە بۆ ئەوەی بچنە بەر خوێندن و شانبەشانی پیاوان فێری خوێندەواری و زانست بن و شاعیر ((یەکەم پاڵپێوەنەر و پاڵپشتی چوونی کچان بوو بۆ قوتابخانە لەو کاتەدا لە کۆمەڵێکی وەك ئەو سەردەمەدا کە ئاسان نەبوو ... یەکەم کەس لە خۆیەوە دەستی پێکرد و کچەکەی نایە بەر خوێندن))[٢١] لە شیعرێکیدا دەڵێ:

کە وابوو خوێندن بۆ پیاو و بۆ ژن
ئەبێتە سوپەر ڕووبەڕووی دوژمن
بێ عیلم و زانین ژیانی ئینسان
نەختێ باشترە لە ژینی حەیوان[٢٢]

**شێخ نوری شێخ ساڵح** (١٨٩١-١٩٥٨ز) باس لە گرنگی قوتابخانە دەکات و بە مەڵبەندی زانست و زانیاری و هۆکاری پێشکەوتنی ژین و ڕووحی شارستانی دادەنێ. شاعیر داوا لە (بادی صەبا) دەکات کە پەیامەکەی بگەیەنێتە میللەتەکەی کە میللەتی کوردە و داوایان لێ دەکات هەموو هەوڵ و تەقالایەك بدەن بۆ کردنەوەی قوتابخانە و دەڵێ:

وەرە بادی صەبا تۆ قاصیدی من بە مەردانە
لەپاش عەرزی دوعا گۆیی بڵێ بەم ئەهلی کوردانە
کە مەکتەب مایەیی ژینە، کە مەکتەب ڕۆحی ئینسانە

---

١٩ - د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٦ A، چ ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٢٨

٢٠ - ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، دیوانی موفتی پێنجوێنی، ل١٢٩-١٣٠

٢١ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨

٢٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

که میللەت هیچ نەزانێ زووبەزوو پێشکەوتنی صەعبە[٢٣]

شاعیر بڕوای وایە کەسانی خوێندەوار و خاوەن زانست دەتوانن خۆیان داهاتووی خۆیان و وڵاتیان دیاری بکەن و ئەوان هەمیشە داهاتوویان ڕووناکە و دەبنە مایەی شانازی گەل و نەتەوەکەیان. هەربۆیە گرنگیدان بە قوتابخانە و خوێندن و خوێندەواری بە فەرز دەزانێت و دەڵێ:

کەسێ عیلمی ببێ، موستەقبەلی ڕووناك و تەئمینە

کەسێ صنعەت بزانێ، دائیمەن ئەو صاحیبی نانە

لەسەر ئەم عالەمە فەرزە، ئیعانەی مەکتەب و صنعەت

کە ڕۆحی موڵك و میللەت، صنعەت و تەحصیلی عیرفانە[٢٤]

هەروەها شاعیر پەسن و مەدحی ئەو کەسانە دەکات کە پێشتر باسی قوتابخانەیان کردووە و بەکەسانی ڕۆشنبیر و خاوەن بیر و ویژدانی داناون و بە شانازییان دەزانێ بۆ میللەتی کورد کە کەسانی بیرڕووناکی ئاوای تێدا هەڵکەوتووە، چونکە بەلای شاعیرەوە مرۆڤی بێ زانست وەکو ئاژەڵی دڕندەی کێوی وایە، کەدەڵێ:

ئەوی دەرحەق بە مەکتەب نوتقی نووسیبوو، لەمەوپێشتر

حەقیقەت صاحیبی فکرە، حەقیقەت ئەهلی ویجدانە

وجودی فەخرە بۆ میللەت، کەسێ فیکری منەوەربێ

کەسێ عیلمی نەبێ، وەك وەحشی کێو و بیابانە[٢٥]

هەروەها شاعیر لە شیعری (بۆ معەلیمەکان) هانی مامۆستایان دەدات لەپاڵ فێرکردنی زانستدا هەوڵ بدەن بەشێوەیەکی جوان و بەدڵسۆزی خوێندکاران فێری ڕەفتاری جوان و ڕەوشتی باڵا بکەن، بە جۆرێك کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا بەویژدان و دادگەر بن و هەمیشە دڵسۆز بن بۆ گەل نیشتمانەکەیان و دەڵێ:

بەئینساف و مرووەت تەربییەی ڕۆڵەی وڵاتت کە

کە ڕۆژی کردەوە خاوەن زەمیر و با کەرامەت بێ

موعەلیم بێت و چاوی خۆی بپۆشێت و لە حەق لادا

قوتابی ئەو ئەبێ هەرنالەبار و بێ بەصیرەت بێ

موعەلیم دەرس و ئیرشادی بەرەو ڕێگەی خراپی بێ

ئەبێ ڕێبواری ئەم ڕێگایە قۆناغی نەدامەت بێ[٢٦]

**قانع** (١٨٩٨-١٩٦٥ز) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆر گرنگی بە بابەتی خوێندن داوە و بەردەوام هەوڵی داوە خەڵك هۆشیار بکاتەوە و هەمیشە هانی خەڵکی داوە بۆ خوێندن و فێربوون و بە توندی دژ بەو کەسانەوە وەستاوەتەوە کە دژی خوێندن بوون.((چونکە بەلایەوە هەر کۆمەڵ و میللەتێك نەخوێندەواری نەزانین باڵی

---

٢٣ - ئازاد عبدالواحد: دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، ب ١، بەشی ٢، چاپخانەی دار ئەلجاحز، بەغداد، ١٩٨٩، ل ٣٩

٢٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩

٢٥ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩

٢٦ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەسەردا کێشا، ئیتر ئەوسا داگیرکەر بەئاسانی دەتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە قانع هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کۆمەڵ و میللەتەکەی لەو دەردە کوشندەیە بەئاگابێت و لەو تاریکستانی نەزانینەوە بیان پەڕێنێتەوە بۆ جیهانی زانست و زانیاری))[٢٧] شاعیر لە پێنج خشتەکییەکیدا لەسەر شیعری (موفتی پێنجوێنی) دژی ئەوانە دەوەستێتەوە کە چوونە قوتابخانە و خوێندن و فێربوونی زانست بە کوفر دەزانن و دەڵێ:

بڕوانە لە ئەحواڵی هەموو عیلم و شەریعەت

تێکۆشێ لە بۆ کەشفی هەموو بەحری حەقیقەت

نوقسانی ئەبێ چی بێ؟ برا عیلمی تەبیعەت

کەی کوفرە ئەگەر فێری ببی سەنعەت و حیکمەت

کەی مەنعە لەتۆ هەردوو بە ئاسار و بە ئایەت[٢٨]

شاعیر لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و نە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و نە لەپاشماوەی هەموو زانایانی ئیسلامدا هەوڵدان بۆ فێربوونی زانست قەدەغەنەکراوە و بە کوفر دانەنراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە و ئەوانەی وادەڵێن هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە بۆ ئەو کارەیان. هەروەها شاعیر لە شیعری (شێرانی مەکتەب) شانازی بەو منداڵ و گەنج و لاوانەوە دەکات کە چوونەتە بەر خوێندن و بەهۆکاری ڕووناکی خۆری خۆی و میللەتیان دادەنێت و دەڵێ:

ئێوە ئەی شێرانی مەکتەب واسیتەی ژینی منن

واسیتەی ژین و ژیان و ڕوحی شیرینی منن

کۆمەڵی ئەولادەکانم، وان لە زوڵماتی جەهل

تاقە ئێوە خوێندەوار و ئەسڵی نورینی منن[٢٩]

قانع لە شیعرێکی تردا باسی دواکەوتوویی میللەتەکەی دەکات، ئەگەرچی میللەتانی جیهان بەهۆی زانستەوە لەوپەڕی شارستانییەت و پێشکەوتندان، کەچی گەلی کورد سوودی لەم زانستە وەرنەگرتووە و هێشتا هەر میللەتێکی دواکەوتووە، بۆیە بڕوای وایە تاکە ڕێگای پێشکەوتن تەنها خوێندنە و دەڵێ:

لاوی کورد خوێندن بخوێنە یەکیەتی و ڕاستیت ببێ

جا ئەزانی کێیە قابل تەخت و تاج و دەوڵەتە[٣٠]

هاندان بۆ خوێندن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شاعیر، و قانع هەمیشە هەوڵی داوە گەنج و لاوەکان هۆشیار بکاتەوە و هانیان بدات بۆ چوونە قوتابخانە، نەزانین بە دوژمنی کورد دادەنێ و بڕوای وایە خوێندن وا لە مرۆڤ دەکات دژی ئەو دوژمنە گەورەیە بوەستێتەوە کە نەزانینە، لەم بارەیەوە دەڵێ:

بخوێنن هەوڵی خوێندن دەن، جەهالەت دوژمنی کوردە

---

٢٧ - تاهیر محەمەد عەلی، ڕوانین لە دەق، ل ٩٤

٢٨ - بورهان قانع، دیوانی قانع، چ٤، چاپخانەی دالأهۆ، تاران، ١٣٨٦، ل ٨٧

٢٩ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧

٣٠ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەسێ دانابێ هەرگیز دوژمنی خۆی وا بەخێو ناکا[31]

هەروەها شاعیر جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بەهۆی خوێندنەوە دەتوانێ شارەزای نهێنییەکانی گەردوون بێت و هەر بەهۆی خوێندنیشەوەیە مرۆڤ سنووری زەوی بەرەو ئاسمانەکان بڕیوە و دەڵێ:

فەلەك عیلم و نیزامە، تێدەگەی لێی چاوت نایبینێ

بخوێنن تا وەکوو ئەسراری گەردوون بێتە ژێر دەستت[32]

**ئەحمەد موختاربەگی جاف** (١٨٩٨- ١٩٢٥ز) شاعیرێکی نیشتمانپەروەری سەردەمی خۆی بووە، هەوڵی داوە بیری نیشتمانپەروەری خوێندن و فێربوونی زانست تێکەڵ بەیەکتری بکات و هانی خەڵکی داوە بۆ سەرفرازی و سەربەخۆیی میللەت هەوڵ بدەن و بڕوای وایە یەکێك لە باشترین ئەو ڕێگایانەی دەبنە پارێزەری میللەت و دەمانگەیەنن بە ڕزگاری میللەت خوێندنە، و لە شیعری (لەخەو هەستن) بە وردی ئەم بیرەی خستووەتەڕوو و دەڵێ:

لەخەوهەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالەم شاهێدی فەزڵ و هونەرتانە

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە

لەسایەی عیلمەوە ئیمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە[33]

مارف خەزنەدار سەبارەت بەم شیعرە دەڵێ:((سروودی وریابوونەوە و هەڵمەتی ڕاپەڕینی کوردایەتی و قانگدانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بوو لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە باشووری کوردستاندا))[34]

**گۆران** (١٩٠٤-١٩٦٢ز) یەکێکە لە شاعیرە نوێخواز و پێشکەوتنخوازەکانی کورد و پێشەنگی شاعیرانی نوێی کوردە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، شاعیر بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ئازادی و ڕزگاری و سەربەخۆیی گەل و بەدژاچوونەوەی ستەم و زوڵم و ڕەخنەگرتن لەسیستمی دەرەبەگایەتی تەرخانکردووە. گۆران هانی لاوانی داوە بۆ ئەوەی هۆشیار ببنەوە و خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و خزمەتی گەل و وڵات بکەن، و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هانی لاوانی بۆ خوێندن داوە و ڕووی دەمی لە مامۆستایانە و بەشێوەیەکی جوان پیرۆزی کاری مامۆستایی دەخاتەڕوو، کە مامۆستا بە فاکتەری سەرکەوتنی ڕزگاری میللەتی کورد و دەرکەوتنی خۆری کوردستان دادەنێت و دەڵێ:

مامۆستایان ئەیانەوێ

هەتاوی کورد زوو دەرکەوێ

---

٣١ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٦

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧٢

٣٣ - د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، ل ٤٦٢

٣٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٢



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕێی بیر بۆ مێشکمان خۆش کەن

زمانمان بە کوردی گۆش کەن[٣٥]

شاعیر ((داوا دەکات مامۆستای کورد خۆی گورج بکاتەوە و گوڕ و تین بداتە بەر خۆی بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەی نەتەوەکەی، چونکە ڕۆشنبیرکردنی میللەت سەرکەوتنە بەسەر دواکەوتوویی و ناهەمواری دا و خوێندەواری لە کۆندا تەنها لە چەندە کەسێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران تێپەڕی نەکردووە، بۆ گۆران داوا دەکات کە مامۆستایانی کورد ئەمڕۆ دەبێت هەمووو میللەت فێری خوێندەواری بکات))[٣٦] هەروەها زیاتر لەسەر ئەرکی بەرزی مامۆستا ڕادەوەستێ و پێمان دەڵێ کە مامۆستایان ئەگەر لە ڕابردوودا سەرکردەو شۆڕشگێڕەکانی وەکو (سەلاحەدین و خانزاد)یان پێگەیاندووە، ئەوا ئێستا دەبنە بەرهەمهێنەر و دروستکەری هەزاران سەرکردە و شۆڕشگێڕ و زانا و دانا و شاعیر و ... دەڵێ:

ئەگەر دوێنێ مامۆستایان

یەك سوڵتانیان پێ دەگەیان

ئەمڕۆ ئەبێ مامۆستای کورد

دانیشێ بە ڕاوێژی ورد

ڕێگەی پێگەیاندن دانێ

بۆ ملیۆنان نەك سوڵتانێ[٣٧]

**بێکەس** (١٩٠٥-١٩٤٨ز) شاعیرێکی ڕووناکبیری سەردەمەکەی خۆیەتی، گرنگییەکی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوە و قوتابخانەی بە مەرهەم و دەرمانی دەردەکانی میللەت داناوە، نەخوێندەواریشی بە بناغەی دواکەوتوویی میللەت داناوە. لای شاعیر خوێندن بناغەی پێشکەوتن و ڕزگاربوون لە نەزانی و نەفامی و ژێر دەستەیی ستەمکارانە. شاعیر لە شیعری (مەرهەم و دەرمانی)دا دەڵێ:

مەرهەم و دەرمانی دەردی ئێمە تەنها مەکتەبە

فرسەتە هەستن لە خەو ئیتر چ وەختی نووستنە

با چرای (زانستی) هەڵکەین و لە زوڵمەت دەربچین

زۆر بەجێ ماوین لە خەڵکی عەیبە، عارە، مردنە[٣٨]

بەشێوەیەکی گشتی شاعیرانی کورد بەوپەڕی و ئازایی و ئازادییەوە بانگەشەیان بۆ خوێندن و خوێندەواری کردووە و لەو پێناوەشدا ناڕەحەتییان بینیوە و ئازاریان چەشتووە و ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران و خەڵکانی دواکەوتوو بوونەتەوە و لەو پێناوەدا قوربانیان داوە و تا ڕادەیەکی باش ڕۆڵیان بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا.

---

٣٥ - بلاوگەی پایز: دیوانی گۆران، چ ١، چاپخانەی دالاهو، تاران، ٢٠٠٥، ل ٢٢٩

٣٦ - تاهیر محەممەد عەلی، روانین لە دەق، ل ٩٣

٣٧ - بلاوگەی پایز: دیوانی گۆران، ل ٢٣٢

٣٨ - ئومێد ئاشنا، دیوانی بێکەس ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی دووەم/ زانست لە شیعری کوردیدا

زانست کۆڵەکەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە، بەدرێژایی مێژوو فەیلەسوفان و بیرمەندان و ڕۆشنبیران و زانایان ژیانیان بۆ بە دەستهێنانی زانست و بڵاوکردنەوەی تەرخانکردووە و بەدەوام هانی خەڵکیان داوە بۆ ئەوەی خۆیان بە زانست و زانیاری پڕ چەك بکەن، چونکە زانست و زانیاری دەبێتە ڕێنیشاندەر و ڕزگارکەری مرۆڤ لە هەموو بارودۆخە خراپ و ناخۆشەکاندا و هەر زانستیشە ژیانی ملیۆنەها مرۆڤی لە مردن ڕزگارکردووە و کۆمەڵگاکانی بەرەو پێشبردووە و ژیان و گوزەرانیانی خۆشتر کردووە. شاعیرانی کوردیش درکیان بەم گرنگییەی زانست کردووە، کاتێك نەتەوەکانی تریان بینیوە بەهۆی زانستەوە چۆن پێشکەوتوون و سەیری میللەتی کوردیشیان کردووە کە هێشتا لەناو زەلکاوی نەزانی نەفامی و دواکەوتوویيدایە، بۆیە هەموو هەوڵێکیان داوە و شیعرەکانیان کردووەتە مینبەری هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ بەدەست هێنانی زانست و زانیاری و ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە تەنها بە زانست و زانیاری میللەتی کورد دەتوانێ لە دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ڕزگاری بێت.

**حاجی قادری کۆیی** داواکردنی زانست بە فەرز دەزانێ و دەیەوێت ئاین بکاتە هاندەری هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی زانست و زانیاری، چونکە لەو سەردەمەدا خەڵکانێکی زۆر و بە تایبەت هەندێ لە پیاوانی ئاینی دژی ئەوەبوون کە کچان و کوڕان بچنە قوتابخانەکان و وانەی زانستی بخوێنن، حاجی دەڵێ:

بۆچی فەرموویە نەبیيی ئەمین

(إطلبوا العلم ولو بالصين)

نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە

گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە[٣٩]

حاجی قادری کۆیی باسی ئەو خەڵکانە دەکات کە دەچنە بەهەشتەوە، بێگومان خەڵکی بەهەشت بەزۆری ئەوانەن کە زانیارییان دەربارەی ئایینەکەیان هەیە و بە تێگەیشتنەوە خواپەرستییان ئەنجامداوە، بۆیە دەڵێ:

ئەهلی جەننەت نە شوانە نەگاوانە

ساحێبی فەن و عیلم و عیرفانە[٤٠]

پیرەمێردی شاعیریش هەمیشە شیعرەکانی کردووەتە ڕێگایەك بۆ ئەوەی لاوان و گەنجانی وڵاتەکەی هۆشیاربکاتەوە و هانیان بدات بۆ ئەوەی خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و لە شیعری (سرود بۆ نەوجەوانان) هانی لاوان و گەنجان دەدات کە هەوڵی بە دەست هێنانی زانست و زانیاری بدەن و لەم پێناوەشدا تێبکۆشن و هەموو هەوڵ خۆیان بدەن و هەرگیز کەمتەرخەمی نەکەن، کاتێك دەڵێ:

ئەی نەوجەوانانی وەتەن

---

٣٩ - هێرش بێتووشی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٢٥

٤٠ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سا پێشکەون ئازا بڕۆن
ئێوە بەرەو زانین بڕۆن
دەی تێکۆشن دوا مەکەون[41]

هەروەها پیرەمێرد لە شیعری (پیرۆزانەی زانستیدا) باس لە گرنگی زانست و ڕۆڵی لەبەرەو پێشبردنی میللەت و ناساندنی بە جیهان دەکات و بڕوای وایە کە تەنها زانست دەتوانێ داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ میللەتەکەمان بەرجەستە بکات و دەڵێ:

ئەم شەو گوڵی ئومێدی وەتەنمان دەپشکوێ
میللەت ئومێدەوارە زانستی پێشکەوێ
زانستی یە سەویەی میللەت بڵند ئەکا
زانستی یە کە ئێمە بناسێنێ بە ئەوروپا
زانستی زۆر بە قیمەتە، ئومێد ئاتییە
ئەم ئیحتیفالە (خالە) ڕوو لە هاتییە[42]

زێوەر گرنگییەکی زۆری بە زانست داوە و هانی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی فێری زانست بن و دوور بکەونەوە لە نەزانی و نەفامی، بڕوای وایە میللەت تەنها بە زانست و زانیاری دەتوانێ پلەی بەرز بێتەوە و ببێتە جێگەی شانازی لە ناو نەتەوەکانی تردا، کە ئەم پلەیەش تەنها بە هەوڵ و کۆشش دەبێت، کاتێك دەڵێ:

عەشقی عیلم و مەشقی حیلم و شەوقی عیرفانت بێ
عیلمە ئەخاتە مەقامی بەرز و جێگەی ئیفتیخار
عیلمە بۆت نزیك ئەکا گەر فیکری کەیوانت بێ
ساڵی سەعی و غیرەتە ساڵی وەفا و ڕەحمەتە[43]

شاعیر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ((هەر میللەتێك خاوەنی زانست و زانیاری بێ، بەڵگەیە لەسەر گەشانەوە و پێشکەوتنی ئەو میللەتە بەپێچەوانەشەوە هەر میللەتێك ئەگەر هاتوو ئەو زانست و زانیارییەی نەبوو هەردەم زەلیل و زەبوون و ژێر دەستەیە، میللەتی کورد ئەمڕۆ گەلێك پێویستی بە ڕەحمەتی زانست هەیە، چونکە بەجارێك هەموو لەناوچووە و بۆتە زیللەتی کارەساتی دنیای هیچ))[44] میللەتی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی خۆڕزگارکردنی لە دواکەوتوویی پێویستییەکی زۆری بە زانست و زانیاری هەیە کەدەڵێ:

ڕەونەقی باخی حەیاتی میللەتە عیلم و فنون
میللەتی بێ عیلم و دانش هەر زەلیلە و هەر زەبوون

---

٤١ - فائق هۆشیار و هاوڕێکانی: دیوانی پیرەمێرد، ب ١، ل ٢٠١

٤٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٣-٣٠٤

٤٣ - نەوزاد کەڵهوڕ، زێوەر ڕێبەری قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری، ل ٦٣

٤٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦

قەومی کورد موحتاجی ڕەحمە چونکە مەحوی کردووە

زیللەیی دەستی حەوادیس لەفقەیی دنیایی دوون[٤٥]

هەروەها دەڵێ

بشکێنە بە بازووی هونەر تەوقی جەهالەت

عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و عەطالەت

دایکی وەتەن ئیقبالی بە ئیقبالی تۆیە

چاوی لە تەرەققی هەموو ئامالی تۆیە[٤٦]

**موفتی پێنجوێنی** ڕێگەی بەدەستهێنانی زانست بە پیرۆزترین ڕێگە دادەنێت و زانست و زانیاری بەتاجی شاهانە دەچوێنێ و لە دوڕ و گەوهەر بەنرخترى دادەنێ. شاعیر بڕوای وایە مرۆڤ پێویستە هەمیشە هەوڵی بە دەستهێنانی زانست بدات، هەر مرۆڤێك زانستی نەبێ و بە نەزانی و بەبێ زانست کارەکانی ئەنجام بدات ئەوا وەکو ئاژەڵ وایە و هیچ نرخ و بەهایەکیشی نییە، وەك دەڵێ:

عیلم و مەعاریف بۆ بەشەر　　　　گەراخێکە پڕ لەعل و گەوهەر

وەك تاجی شاهی بیکەسەر　　　　ساحێب بەها و قیمەتە

ئینسانی بێ عیلم و عەمەل　　　　وەحشێکە وەك حەیوانی شەل[٤٧]

**شێخ نوری شێخ ساڵح** باسی گەورەیی زانست دەکات و بڕوای وایە کە مرۆڤ بەهۆی زانست و زانیارییەوە پلەو پایەی بەرز دەبێتەوە و دەتوانێت پێشبکەوێت و خزمەتی میللەتەکەیی و مرۆڤایەتی بکات، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت هانی لاوان بدات بچنە بەر خوێندن و هەوڵی بەدەست هێنانی زانست و زانیاری بدەن و لە شیعری (عیلمت میللەت)دا دەڵێ:

عیلمت میللەت نائیلی جاهو شکۆهو شان ئەکا

دایەیی پاکی وەتەن، پڕ نەشئە وو خەندان ئەکا

واسیتەی عیلمە بەشەر ئەمڕۆکە مانەندی تیور

وا بەسەر ئەوجی سەماوە سەیر ئەکا و تەیران ئەکا

واسیتەی عیلمە کە ئەمڕۆ هەروەکو ماسی، بەشەر

کەشفی قەعری بیکرانی، بەحری بێ پایان دەکا[٤٨]

هەروەها شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنها زانست و زانیارییە ناوی مرۆڤ بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، ئەوەی وایکردووە (کۆڵۆمبس و واسقۆ و پێنجوێنی و زەهاوی و مەولەوی)ناویان بە زیندوویی

٤٥ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦

٤٦ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠

٤٧ - ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، دیوانی موفتی پێنجوێنی، ل١٢٧

٤٨ - ئازاد عبدالواحد: دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ب ١، بەشی ٢،ل ٣٣



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

بمێتیتەوە بەهۆی ئەو زانستەوە بووە کە هەیانبووە و ئەگەر مرۆڤی نەخوێندەوار بوونایە ئەوا ئێستا ناویان نەمابوو کەسیش ناویانی نەدەبیست و دەڵێ:

واسیتەی عیلمە کە (قۆلۆمب) ناوی دایم زیندووە

واسیتەی عیلمە کە (واسقۆ) کەشفی هیندستان ئەکا

واسیتەی عیلمە کە (پێنجوێنی) و (زەهاوی) و (مەولەوی)

ناوی پاك و عالییان ئیحیایی کوردستان ئەکا[٤٩]

هەروەها شاعیر لەسەر گرنگی فێربوونی زانست زیاتر هانی لاوان دەدات و پشت بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) دەبەستێت، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆرینەی میللەتی کورد موسڵمانن و بەگوێی فەرموودەکانی خودا و پێغەمبەری ئیسلام دەکەن و دەڵێ:

(إطلبوا العلم ولو بالصين)ی فەرموودەی ڕەسوڵ

ئەم حەدیسە بۆ عیلم تەرغیبی ئینس و جان ئەکا[٥٠]

شاعیر بڕوای وایە مرۆڤی بێ زانست و زانیاری وەکو ئاژەڵی دڕندەی کێوی وایە، چونکە ئەو کەسانە دەبنە مایەی نەهامەتی و نەگبەتی بۆ میللەت، هەروەها نەزانی بەو میکرۆبە دەدەنێ کە مرۆڤ دەکاتە ئەو ئاژەڵە دڕندە کێوییە، کاتێك دەڵێ:

وجودی فەخرە بۆ میللەت، کەسێ فیکری منەوەربێ

کەسێ عیلمی نەبێ، وەك وەحشی کێو و بیابانە

قسەی ڕاستن ئەرێ وەڵلا ئەگەر بیشم کوژن دەڵێم

نەبوونی عیلم و صنعاتە کە میقرۆبی هەموومانە[٥١]

**قانع** گرنگییەکی زۆری بەزانست داوە و هەوڵی داوە هاندانی لاوان بۆ زانست بکاتە هەوێنی شیعرە نیشتمان پەروەرییەکانی و ((سوورە لەسەر ئەوی دەبێ لەسەر کورد بنووسێ، بۆ کورد بنووسێ، ﴿بە شیعرەکانی﴾ دەتوانێ بەرامبەر بە دوژمنانی کورد بوەستێ، چونکە زانست و زانیاری و قوتابخانە گەیشتوونەتە پلەیێك بەهۆی ئەوانەوە کورد لەسەر خۆی بکاتەوە))[٥٢] شاعیر لەشیعری (لەگەڵ زانیندا) کە شیعرێکی درێژە باسی بەرهەم و دەسکەوتەکان و سوودەکانی زانین دەکات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە زانست و زانین دەبنە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ و سوودێکی زۆری بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن و دەڵێ:

چاکی چلۆنی مەرحەبا زانین بۆ پێشکەوتنت هەزار ئافەرین

باوەڕم هەیە بەسیدق و یەقین هەرتۆ پێش ئەخەی کۆمەڵی بێ تین

ئافەرین زانین، هەزار ئافەرین

٤٩ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

٥٠ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣

٥١ - سەرچاوەی پێشوو،، ل ٣٩

٥٢ - د.مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٦ A، ل ٤٤١



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێرە گەرچکت کرد بە کارەبا          ئاسن و دارت وەك كەر بار ئەبا
بێ تەلت وشە شار و شار ئەبا          ئافەرین لەتۆ زانین مەرحەبا
ئافەرین زانین، هەزار ئافەرین[٥٣]

شاعیر هەر لەم شیعردا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە زانست چەکێکی دوو سەرەیە و ئەگەر بەباشی بەکارهێنرا ئەوا خزمەت بە مرۆڤایەتی دەگەیەنێت و ئەگەر ئەم زانستە کەوتە دەست کەسانی خراپ و نابەرپرس ئەوا بەشێوەیەکی خراپ بەکاری دەهێنن و زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنن و شەڕ و کاولکاری و کوشتوبڕی پێ ئەنجام دەدەن، لەم بارەیەوە دەڵێ:

هەرتۆش ئەسبابی خوێن ڕژاندنی          هەرتۆش ئەسبابی مێشك پژاندنی
هەر تۆش واستەی ژن ڤیژاندنی          هەرتۆش واستەی خاك نێژاندنی
کەلەپچەی دەستی کۆمەڵی بێ تین
شەستیر ڕێك دەخەی وەك هەوری بەهار          گوللە ئەرژێنی لەسەر تا بەخوار
هەژاران ئەکوژی وەکو گەلای دار          بەبۆنەی تۆوە زۆر ئەکا زۆردار
کەلەپچەی دەستی کۆمەڵی بێ تین[٥٤]

**ئەحمەد موختاربەگی جاف** بڕوای وایە زانست بناغەی ڕزگاری میللەتە، ئەگەرچی ئێستا میللەت ژێر دەستە و پارچەپارچەیە، بەڵام ڕۆژێك دێت لاوان و گەنجانی وڵات بە زانست و زانیاری خۆیان پڕ چەك دەکەن و گەلی کورد لە نەهامەتی و ژێردەستەیی ڕزگاردەکەن و دووبەرەکی و ناکۆکی لەناو میللەتدا ناهێڵن و تەواوی خاکی کوردستان ئازاد دەکەن ، ئەم بیرە بە وردی لە شیعری (هیوای پاشەڕۆژ)دا ڕەنگی داوەتەوە کە دەڵێ:

دێتە گوێم دەنگێ بەسۆز و شیوەن و گریانەوە
ناڵەیی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە
لانەواز و بێکەس و مەزڵومن ئێستە قەومی کورد
گا بەدەستی تورکەکان و گا بەدەست ئێرانەوە
ئەمڕۆ باوابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە
نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرماشان و هەتا ورمێ و سنە و بۆکانەوە[٥٥]

شاعیر جەخت لەوە دەکاتەوە دوای ئەوەی کوردستان ڕزگارکرا، لاوەکان بە زانستەکەیان کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە و بەرەو پێشی دەبەن و دەیکەنە پێشەنگی وڵاتانی دنیا و دەڵێ:

شت قڕانی موددەعی خاکی وەتەن تەعمیر دەکەن

٥٣ - بورهان قانع، دیوانی قانع، ل ١٨١-١٨٤
٥٤ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١-١٨٤
٥٥ - د. مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، ل ٤٦٧-٤٦٨


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

ڕێگەیی ئاسن دەچێتە خاکی هەورامانەوە
کێو و کەژ گشتی ئەبێتە  باغ و قەسری گەوهەرین
بۆ تەماشا دەستە دەستە دێن لە ئنگلستانەوە[٥٦]

**گۆران** مامۆستایان بەسەرچاوەی زانست و زانیاری و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵك دادەنێت و بەبڕوای شاعیر مامۆستا ئەو شارەزا و داهێنەرەیە کە دەریای مێشك دەهەژێنێ و مرواری و گەوهەری بیرو هۆش لە بنی ئەم دەریایەدا دەردەهێنێ و بە زانست و زانیاری مێشکی لاوەکان پاراو دەکات و میللەت بەرەو پێش دەبات و دەڵێ:

مامۆستایان کۆبوونەوە،
بەدڵسۆزی و بە لێبووری،
بە ڕەنجێك مایەی ڕووسووری،
دەریای مێشك ئەشڵەقێنن
دانەی گەوهەر و مرواری
لە بن بنی ئاو دەردێنن...
کاو گەوهەر گران بەهابێ
بە زانستی کورد ڕەوابێ
لێی پڕ ئەکەن کیسەی دیاری
ئەیبەن بۆ دەزگای زانیاری...[٥٧]

**بێکەس** زانست و زانیاری بە سەرچاوەی ڕزگارکردنی گەل و نەزانی و نەفامیش بە هۆکاری وێرانکردنی وڵات دادەنێ و هانی خەڵك دەدات بۆ فێربوون و بەدەست هێنانی زانست و دوورکەوتنەوە لە نەزانی و لە شیعرێکیدا دەڵێ:

عیلمە میللەت ڕزگار ئەکا
جەهلە وەتەن بەجارێ وێران ئەکا
کوگەل هەستن بۆ وا سستن
وەتەن وا چاوەڕێتان ئەکا[٥٨]

هەروەها شاعیر لە شیعری (لاوانی وەتەن)یشدا جارێکی تر هانی لاوان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، چونکە سەردەمی تاریکی و نەزانی بەسەرچووە و ئیتر سەردەمی زانست و ڕووناکییە، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە میللەت بەهۆی زانستەوە پێشدەکەوێت و ناوو ناوباگی لەناو گەلاندا بەرزدەبێتەوەو دەڵێ:

لاوانی وەتەن                    غیرەتێ بکەن

٥٦ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦٧-٤٦٨
٥٧ - بلاوگەی پایز: دیوانی گۆران، ل ٢٣٣
٥٨ - ئومێد ئاشنا، دیوانی بێکەس ، ل ١٨٥


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

دەی هەستن لە خەو          وا بەسەرچوو شەو
ئەما زەمانی          جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرسەتە          ڕۆژی هیممەتە
بە عیلم و سەنعەت          بەرز ئەبێ میللەت[٥٩]

بێکەس کچان و ژنانی لە بیر نەکردووە و نەزانی و نەخوێندەواری بە زەهری کوشندەی ئافرەتان دادەنێ، هەر بۆیە لەشیعری (نەسرین)دا هانی ئافرەتان دەدات بۆ بەدەست هێنان و فێربوونی زانست و زانیاری و خۆڕزگارکردن لە نەزانی، چونکە زانست پێویستییەکی سەرەکی مرۆڤە و تەنها تایبەت نییە بە پیاوانەوە، بەڵکو پێویستە ژن و پیاو بەبێ جیاوازی هەوڵی فێربوونی زانست بدەن و

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێر و مێ نییە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە کەی وەعدەی شەرمە
مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە کەی وەعدەی شەرمە[٦٠]

شاعیر بڕوای وایە ئەوەی دەبێتە مایەی جوانی ئافرەت خشڵ و زێڕو زیو نییە، بەڵکو ڕەوشتبەرزی و خوێندن و زانینە. ئافرەتی نەخوێندەوار و نەزان هەمیشە دیل و کۆیلە و ژێردەستەیە و پاشەڕۆژی ئافرەتان تەنها بە زانست ڕووناك دەبێتەوە، بۆیە دەڵێ:

خشڵ و جوانی تۆ حەیا و فێربوونە
پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە
کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە کەی وەعدەی شەرمە[٦١]

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شاعیرانی کورد شیعرەکانیان کردووەتەوە چەکی ڕووبەڕووبوونەوەی دواکەوتوویی و نەزانی و نەفامی و هەوڵیان داوە سوودەکانی زانست و زانیاری بۆ

---

٥٩ - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤

٦٠ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦

٦١ - سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

میللەتەکەیان ڕوون بکەنەوە و هانیان بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەم گەوهەرە بەنرخە، لەم کارەشدا سەرکەوتوو بوونە و توانیویانە جێدەستی خۆیان لە پێشکەوتنی شارستانی گەلەکەیان دابنێن

## ئەنجام

لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- خوێندن و هاندان بۆ خوێندن لەو ماوەیەدا (١٨١٦-١٩٧٠ز)بابەتێکی شیعرییە و شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە شیعرەکانیان بکەنە وێستگەی هۆشیارکردنەوە و هاندانی لاوان و گەنجان بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانە و خۆیان فێری خوێندەواری بکەن.

٢- شاعیران هەوڵیان داوە خەڵك هۆشیار بکەنەوە بۆ ئەوەی کوڕان و کچەکانیشیان بنێرن بۆ قوتابخانە و یەکەم کەسیش شاعیران خۆیان ئەم کارەیان کردووە

٣- شاعیران هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرییان بەستووەتەوە بە خوێنن و فێربوونی زانست و زانیارییەوە ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە کە ڕزگاری میللەت لەژێر دەستەیی تەنها بەهۆی خوێندن و زانستەوە دەبێت.

٤- شاعیران باسی زانست و زانیاری و ئەو بەرهەم و دەسکەوتانەیان کردووە کە بەهۆی زانستەوە دێنە ئاراوە ، تا ببێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی خەڵك هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن.

٥- شاعیران هەوڵیان داوە فەرموودەکانی خوا و پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن و هەروەها هەندێك لەوانەی دژی قوتابخانە و فێربوونی زانست بوون پیاوانی ئاینی بوون و خوێندنیان بەکوفر داناوە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


١- ئازاد عبدالواحد: دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ب ١، بەشی ٢، چاپخانەی دارئەلجاحز، بەغداد، ١٩٨٩

٢- ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، دیوانی موفتی پێنجوێنی،چ٢، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦

٣- ئومێد ئاشنا، دیوانی بێکەس ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥

٤- بلاّوگەی پایز: دیوانی گۆران، چ ١، چاپخانەی دالاهو، تاران، ٢٠٠٥

٥- بورهان قانع، دیوانی قانع،چ٤، چاپخانەی دالاّهۆ، تاران، ١٣٨٦

٦- تاهیر محەمەد عەلی، روانین لە دەق، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١١

٧- عەبدوڵڵا خدر مەولود، دیوانی حەمدی، چ٥، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠١٣

٨- فائق هۆشیار و هاوڕێکانی: دیوانی پیرەمێرد، ب ١، چاپخانەی زەمان، بەغداد، ١٩٩٠

٩- مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٥، چ ١، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

١٠- مارف خەزنەدار: مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٦ A، چ ١، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦

١١- نەوزاد کەڵهوڕ، زێوەر ڕێبەری قەلاّچۆکردنی نەخوێندەواری، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠

١٢- هێرش بێتووشی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، چ١، ناوەندی چاپ و بلاّوکردنەوەی سەمیمی، سەردەشت، ٢٠٠٧




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**Abstract**

The current paper is entitled "Education and Science in Kurdish Poetry (Southern Kurmanjy Dialect 1816-1970)". It is all about the fact that education and science are two key fields that play paramount roles in progress and civilizations. Throughout history, the Kurd poets were interested in these fields and attempted hard to encourage the lay people to enroll their children in schools and pay much attention to educational and scientific endeavors. Moreover, the Kurd poets wrote various pieces of poetry about the significance of science and education since they believed that through education they can develop society and educate the people.

What encouraged/motivated the researcher to conduct this paper was to appreciate and not to forget what those poets have done and the result of their trials was sharpening the education and knowledge of the people.

Limiting the scope of the paper to Southern Kurmanjy dialect poets (1816-1970) is to make it more accurate, scientific and more fruitful. And also the descriptive method has been used in this paper.

Furthermore, the current paper consists of two parts. Part one entitled (Education/Studying in Kurdish poetry) analyses the poems by the Kurd poets that focus on the role of education and studying and encouraging the people to study. Part two entitled (Science in Kurdish poetry) exposes the poems that emphasize on science and its role in developing the society.

And finally the paper is concluded with a few points and suggestions.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ملخص البحث**

(التعليم و العلم في الشعر الكوردي – الكرمانجية الجنوبية ١٨١٦-١٩٧٠ز) التعليم و العلم مجالان مهمان للتقدم و الحضارة، و شعراء الكورد اهتموا اهتماما كبيراً بهذين مجالين و التفتو اليهما و حاولوا تثقيف الناس و تشجيعهم لتعليم أنفسهم و تعليم أبنائهم و الأهتمام بالعلم و المعرفة.

خصص شعراء الكورد أشعاراً عدة لهذين مجالين لأنهم كانوا يعتقدون أن تثقيف أنفسهم و تقدم الشعب الكوردي فقط يكون عن طريق التعلم و العلم و الذي شجعنا للقيام بهذه الدراسة هو أن شعراء الكورد في أشعارهم إهتموا بهذا المجال و ثمرة هذا الإهتمام تثقيف الناس و تشجيعهم للتعليم و العلم و المعرفة.

و تحديد هذه الدراسة بأشعار شعراء (الكرمانجية الجنوبية)في فترة مابين (سنوات ١٨١٦-١٩٧٠ز)كي تكون الدراسة أكثر علمياً و أكثر اتقاناً و نفعاً و انتهجت منهج الوصفي في هذه الدراسة.

تتكون هذه الدراسة من جزئين: الجزء الأول (التعليم في الشعر الكوردي) حيث تحلل علمياً الأشعار االتي تناولت التعليم و التشجيع له و التحاق بالمدارس. و الجزء الثاني (العلم في الشعر الكوردي) تبين النصوص الشعرية التي تناولت العلم و المعرفة و أهمية العلم و التشجيع للتعلم العلم.

و في النهاية تم بيان نتائج الدراسة و نقاط.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)